# دەسەڵاتی حزب و دەسەڵاتی حکومەت
# لەباشووری کوردستان و
# کێشەی یەکگرتنەوە..!

**دارا مەحمود**

دوو ئیدارەکەی پارتی و یەکیەتی یەکیان گرتۆتەوەو یەکیشیان نەگرتۆتەوە!!. بەڵێنە شیرینەکان لەهەردوو لاوە بەسەر خەڵکیدا دادەبارن و دڵەڕاوکێی خەڵکیش ئۆقرە ناگرێت و ئارام نابێتەوە. کۆبوونەوە هاوبەشەکانی هەردوولاو بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و چالاکییە جۆربەجۆرەکان بەلەزوبەز بەردەوامن، بەڵام ئەو واقیعەی پێشدان هەروەک خۆیەتی، نە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو نە بەو پلان و پرۆگرامانەش دەگۆڕدرێت...ئۆباڵەکەشی بەئەستۆی (کات)دا دەدەن. بەڵام نە(کات) چارەسەری کێشەو گرفتەکان دەکات و نەئارەزووکردن و باوەش بەیەکداکردنی برایانەش...

ڕواڵەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی یەکگرتنەوە تاکو ئێستا جوان خۆی دەنوێنێت و لەزۆر کێشەش دواون و چارەیان بۆ زۆر گرفت دەستنیشان کردووە، گەورەترینیان نەبێ، ئەویش دەسەڵات و جەبەروتی حزبە. کەکۆسپی هەرە سەرەکی سەر ڕێگای پەیڕەوکردنی یاساو چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیەش کە ناکرێ بەبیریاندا نەهاتبێ دەسپێرنەوە بە خودی حزب. ئەمەش وەک سپاردنی گۆشتە بە پشیلە.

دەسەڵاتی حزب لە باشووری کوردستان بە شێوازێک جێگای دەسەڵاتی حکومەت و یاسای گرتۆتەوە کە دەتوانین لەسەر چەند ئاست کۆی بکەینەوەو دابەشی بکەین:

1- ئاستی ئابووری/ ئەمڕۆ حزب(پارتی و یەکیەتی) بۆتە خاوەن خەزێنەیەکی ماڵیی گەورە. لە هیچ شوێنێکیشەوە دیار نییە سەرچاوەی دارایی حزب لە کوێوەیەو ئەو هەموو مووچە نایاساییانەی کادرو ئەندامەکانی و خەرجە زۆرو لاوەکییەکانی تر لەکوێوە هاتوون و لەسەر بنەمای چ یاسایەک بەڕێوەدەچن و پەیڕەودەکرێن..! دیارە شتێکی ئاساییە حزب بە پێی یاسا، یارمەتیەکی دیاریکراو بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە سەرەکییەکانی لە دەوڵەت وەربگرێت. کە نابێ وەها یارمەتییەکیش پەیوەستەی ئەوە بێت داخوا ئەو حزبە لەسەر دەسەڵاتە یان لەدەرەوەیەتی. بەڵام ئەو سەرمایەزۆرەی ئەمڕۆ پارتی و یەکیەتی بوونە خاوەنی و بەردەوامیش لەخەزێنەی دەوڵەت و سەرمایەی هەرێم بەشێوازی نایاسایی و یانیش فێڵی یاساییەوە دایدەبڕن، سنووری یارمەتی دەوڵەتی بەزاندووەو حزب لە دەوڵەت دەوڵەمەند ترەو یانیش ڕاستترە بڵێین ئەوە حزبە خەرجی دەوڵەت دەکێشێت نەک بە پێچەوانەوە.

ئەگەر هەربۆ نموونەو وەک ڕواڵەتێکی ئەم کارە سەیری مووچەی کارمەندو مووچەخۆرانی حزب کە بریتین لە کادرو ئەندامانی پلەی جۆراوجۆرو تەرزو ئاستی ژیانی هەریەک لەمانەو لەگەڵ مووچەخۆرانی حکومی و ژیانی سەرجەم خەڵکیدا بەراوردی بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن بەشێوازی نایاسایی و بەبایەخی پارووی دەمی زۆرینەی هەرەزۆری خەڵک یاری بە پارەو دارایی هەرێمەوە دەکرێت.

هەروا ڕەخساندنی کارو پیشە بۆ هاوڵاتیان، لەسەرکاردامەزراندن و بەخشینی تەواوی پلەو پایە دەوڵەتییەکان لە فەراشیکەوە تا وەزیر کە لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبییەو لەسەرکاردەرکردنیش هەر پەیوەستەی ئاستی ئەو ئینتیمایەیە. دیوێکی تری جێگۆڕکێ کردنی دەسەڵاتی حزب لەگەڵ دەسەڵاتی حکومەتە.

2- ئاستی سیاسی/ لەهەر سیستەمێکی دیموکراسی وتەنانەت نیمچە دیموکراسیش لە جیهاندا، ڕۆڵی حزب بریتییە لە داڕشتنی بەرنامەی سیاسی و پێشکەشکردنی ئەوبەرنامەیە لەکاتی هەڵبژاردنەکانداو هەوڵدان بۆپیادەکردنی لەڕێگای دەسەڵاتەوە. و لەمەبترازێ ڕۆڵی حزب ڕاوێژکاری و نارِاستەوڕاست دەبێت. بەڵام لە باشووری کوردستان ڕۆڵی حزب بەجۆرێکە کە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت لە پاشکۆیەک بەولاوە شتێکی تر نییە. پەرلەمان دامەزراوەیەکی کارتۆنییەو بوون و نەبوونی شتێک لە واقیع ناگۆڕێت و بڕیاردان لەدەرەوەی ئەوو بەبێ ئاگاداری ئەو دەردەکرێت و پیادەدەکرێت. زۆرجار بۆنموونە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب جگە لەوەی هاوڵاتییەکی سادەبێت هیچ سیفەتێکی حکومی نییە کەچی ئەو مافە بەخۆی دەدات و پێی دەدرێت کە لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باس لەکاروباری حکومەت بکات. فەرمان دەربکات، بەڵێن بدات،سزاوپاداش دیاری بکات..وهتد کە ئەمانە خۆیان بەڵگەی تێنەگەیشتنێکی گەورەی حزبە لە دەسەڵات و یاساو بوارو میکانیزمەکانی پەیڕەوکردنی.
لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە دەستێوەردانی حزب لە کاروباری دەوڵەت تەنیا بەوە سنووردار نابێت کە حزب وەک نێوەندێکی سیاسی گەورە، لەئەنجامی بڕیارو پێشنیازی دیراسەکراوەوە پەیڕەوی ئەم کارە بکات بەڵکۆ دەستێوەردان بە پێی میزاج و بەرژەوەندی شەخسی لە کادرێکی مەکتەبی سیاسییەوە دەست پێدەکات و بەجۆرێک دادەبەزێتە خوارەوە کە بەکادرو ئەندامەکانی لق و مەڵبەندو ناوچەوکۆمیتەکانیش ناگیرسێتەوە...

3- ئاستی دادوەریی/ دەستێوەردانی حزب لەدەسەڵاتی دادوەریی ڕۆژانەو لەسەر چەندان ئاستی جۆربەجۆر پەیڕەودەکرێت. و یاسا لەبەرانبەر بەرپرسانی حزبیدا ئەو شتە بێدەسەڵاتەیە کە هەمووان پێیدەوێرن و ئەویش تەنیا بە مرۆڤە بێدەسەڵاتترەکان دەوێرێت. فەرمانی بەرپرسێکی حزبی لە سەرووی فەرمانی دادوەرەوەیە.
جگە لەو ئاستە ئاماژە پێکراوانە، بوارەکانی ئەدەبی، هونەری، وەرزشی...هەموو لەسەر بنەمای ئینتیما بۆ حزب بەڕێوەدەچن و لەبەر ئەوەش کە بەگشتی ئاستی ئینتیما بۆ حزب ژیان و گوزەران و بەختەوەریی تاک دیاریی دەکات، ئاستی ئینتیما بۆ حزب و ڕێبەری حزب جێگای هەستی ئینتیمای بۆ وڵات و نەتەوە گرتۆتەوە.
بە لێوردبوونەوە لەو تابلۆیەی سەرەوە، ڕیشەی کێشەکان ئاشکرایە لەکوێوەیەو ئەگەر پارتی و یەکیەتی دەخوازن لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتێکی سەقامگیرو پشتئەستوور بە یاساو پاڵپشتی کۆمەڵانی خەڵک بێتە ئاراوەو ڕاستگۆن لەم خواستەیاندا، دەبێ دەسەڵاتی حزب لە حکومەت جیاکەنەوەو پێش بە شاڵاوی ڕەشی حزب بگرن و بوارەکانی مونافەسەو کێ بەرکی لە گۆڕەپانی خۆکوتان بۆ بەدەستخستنی پلەو پایەو دەوڵەمەندبوون و ناوو ناوبانگی شەخسیەوە بگوازنەوە گۆڕەپانی سیاسی بەشێوازە مۆدێرن و یاساییەکەی و بەو شێوازەی لە هەر کۆمەڵگایەکی دیموکراتی ئەم جیهانەدا پەیڕەودەکرێت کە لەوێدا هەمووان ملکەچی یاسا بن و عەدالەتی کۆمەڵایەتی تیایدا پارێزراوبێت.
بەڵام تۆ بڵێی ئەم بوێری و ڕاستگۆییەیەن تێدابێت..؟

Darachimen@hotmail.com
11/04/2006